گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڕانەوە بۆسەر تاوان
## (توێژینەوەیەکی شیکارییە لە هەرێمی کوردستان - عیراق)

اسماعيل ابراهيم مصطفى
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر-عیراق
sanesmael10@gmail.com
پ.ی.د. جوان اسماعيل بكر
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر-عیراق
Jwan.bakr@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:١٦/٦/٢٠٢٠
پەسەندکردن:٢٨/٧/٢٠٢٠
بڵاو کردنەوە:هاوینی٢٠٢٠

**ووشە سەرەکییەکان**

***resevidisim***

***behavior***

***effects***

***measures***

***crime***

## پـوخـتـــە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لە گەڕانەوە بۆسەر تاوان. ئەم توێژینەوەیە لەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کۆڵیوەتەوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە لەسەر گەڕانەوە بۆ تاوان. میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیە میتۆدی وێنەیی شیکارییە. گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەش ئەمانە بوون: هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری. هەروەها لەپاڵ هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارە ئابورییەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری. هەروەها پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆڵینا هەیە لە ئانجامدانی تاوان.

**گۆڤاری قەڵای زانست**
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەشێکە لە نامەی ماستەر بە ناونیشانی کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان لەگەڕانەوە بۆسەر تاوان (توێژینەوەیەکی شیکارییە)

Doi:

10.25212/lfu.qzj.5.3.06

## پێشەکی (Introduction):

بەهۆی کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەرتاسەری جیهان ڕودەدەن بەبەردەوامی لەهەمو ڕووەکانی ژیانەوە، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕوبەڕوی زۆر قەیران و کێشە بۆتەوە، بێگومان یەکێک لەم بابەتانەش دیاردەی "تاوان"ە. ئەم دیاردەیەش بەتەنها وەک کێشەیەکی تاکەکەسی سەیرناکرێت بەڵکو کێشەی گەورەی کۆمەڵگا و حکومەتەکانیشە بۆ ڕوبەڕوبونەوەو کۆنترۆڵکردنی، هەروەک چارەسەرکردن و ڕوبەڕوبونەوەی ئەم دیاردەیە بۆتە کاری پلان دارێژەران و سیاسەتی حکومەتەکان. لەلایەکی ترەوە ئەم پرۆسەی گۆڕینی ڕەفتارەش بە پرۆسەیەکی ئاڵۆز دادەنرێت، بەتایبەت ئەگەر ڕەفتاری کەسێکی تاوانبار بێت، چونکە گۆڕینی ڕوانگەی ئەو کەسەو دورخستنەوەی لەئەنجامدانی تاوانێکی تر سەخت دەبێت، بەهۆی ئەوەی کەرەنگە خودی ئەوکەسە نەیەوێت یاخود پێی وابێت کە ناتوانێت ڕەفتاری بگۆڕێت بۆیە حکومەتەکان لێرەوە بەبەردەوامی هەوڵی بەرەوپێشبردنی بنکەکانی چاکسازی دەدەن لەهەمو ڕویەکەوە بۆ ئەوەی ڕێگە لە دوبارەبونەوەی تاوان بگرن (Giddens, 2001: 219; Hussey, 2012: 7).

دیاردەی تاوان بەشێوەیەکی زانستی لەلایەن زانایانی بوارەکانی بایلۆجی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، یاسایی و تاوانناسیەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. هەر بۆنمونە زانای بواری تاوانناسی ئیتاڵی بەناوبانگ "سیزاری لۆمبرۆزۆ "Cesare Lombroso" لەساڵی 1870کان لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم دیاردەیە کردوەو ڕەگوڕیشەی کردەی تاوانی گەڕاندۆتەوە بۆ هۆکاری بۆماوەیی و بایلۆجی ( Giddens,

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2001: 205). هەروەها زانایانی قوتابخانەی دەروونناسی ئەنجامدانی تاوان دەیگەڕێننەوە بۆ ناتەواوی باری دەرونی تاک و نەخۆشیە عەقڵیەکان (Giddens, 2001: 206؛ الساعاتي، 1983: 126) لەکاتێکدا تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی فراوانترو گشتگیرتر لەم بابەتەیان کۆڵیوەتەوە بەجۆرێک دابەش بوون بەسەر پێنج تیۆری سەرەکی ئەوانیش بریتین لە " تیۆری وەزیفی، تیۆری کارلێککردن، تیۆری لەککە پێوەنان "Labeling Theory"، تیۆری ململانێ و تیۆری کۆنترۆڵکردن ( Giddens, 2001: 207-213).

ئەوەی تایبەت بێت بەتاوان ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام بابەتێکی تر کە زیاتر بۆتە جێگەی سەرنجی زانایان و توێژەرانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان بریتیە لە دیاردەی "گەڕانەوە بۆسەر تاوان"ە. بەجۆرێک کە بەشێوەیەکی زۆر بەهێز بەیەکەوە بەستراونەتەوە وبەیەکەوە باس دەکرێن چونکە ڕێژەی گەڕانەوە بۆ سەر تاوان لە کۆمەڵگاکان بەشێوەیەک ڕوو لەبەرزیە کە بۆتە جێ بایەخی یاسادانەران و پلاندارێژەرانی حکومەتەکان هەر بۆیەش بەشێوەیەکی چڕ بەرنامەو چارەسەرو پلانی تایبەت بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی دوبارە گەڕانەوە بۆ سەر تاوان دادەنرێت ( Wincup, 2013: 119 ; & Brantingham and Faus, 1976).

لە کوردستانیشدا ئەگەرچی ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نیە کە ڕێژەی دووبارە گەڕانەوە بۆ سەرتاوان دەربخات بەڵام بەپێی ئامارە فەرمییەکان سەبارەت بە ڕێژەی تاوان ئەوە دەردەخەن کە ڕێژەی تاوان ڕووی لەزیادی کردوە بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا بۆنمونە بەپێی ئامارێکی وەزارەتی داد بۆ ساڵی 2017 ئەوە دەردەخات کە ڕێژەی تاوان 150% زیادی کردوە لە کوردستان (وەزارەتی داد، 2018) هەر بۆ پشتڕاستکردنەوەی زیاتر لەساڵی 2018 ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە دەقی ڕونکردنەوەیەکدا ئاماژە بەوە دەدات کە ڕێژەی تاوان لە هەرێمی کوردستان ڕووی لەزیادبون کردووە (ئەنجومەنی ئاسایش، 2018). هەروەها لەڕاپۆرتێکی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بۆ ئاسایشی دەرەوە کە سەربە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە لەساڵی 2019 ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێژەی تاوان لە هەرێمی کوردستان ڕووی لە زیادی کردوە بەهۆی خراپی دۆخی ئابوری و کێشە سیاسیەکان و شەڕی داعش بەتایبەت لەساڵانی ڕابردوو کە ئەم هۆکارانە بەیەکەوە دۆخێکی ناسەقامگیریان دروستکرد ( Osac, 2019; Ekurd Daily, 2016).

کەواتە ئەوی لێرەدا گرنگە ئەوەیە لەکاتێکدا ڕێژەی تاوان ڕوی لە زیادی کردوە کەواتە ئەگەرێکی بەهێزە ڕێژەی دووبارە گەڕانەوەش بۆ سەر تاوان زیادی کردبێت. هەروەها دەشێ ڕێژەیەکی بەرچاو لەوانەی کە تاوانیان ئەنجام داوە ڕابردویان هەبێت و ڕاهاتبن لەسەر تاوان. بێگومان هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوان جۆراوجۆرن بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەشێت جیاوازبن لەگەڵ هۆکارەکانی دوبارە گەڕانەوە بۆ سەر تاوان کە ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە لەمبارەیەوە.

ئەم توێژینەوە دابەش دەبێت بۆ دوو بەشی سەرەکی، لەبەشی یەکەمدا ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە باسکراوە کە خۆی دەبینێتەوە لە کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، پێناسەی چەمکەکان و بوارەکانی توێژینەوە. هەرچی بەشی دوەمە بریتییە لە باسکردن لە هۆکارەکانی گەڕانەوە بۆسەر تاوان. دواتریش خستنەڕوی دەرەنجام و پێشنیار.

بەشی یەکەم/

ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوە (The Main Elements of the Research ):

1- گرفتی توێژینەوە (The Research Problem) :

لەبەرئەوەی کە تاوان دیاردەیەکە دەکرێت لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا هەستی پێبکرێت وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوام بۆیە زەحمەتە کۆمەڵگای خاڵی لەتاوان بدۆزرێتەوە. تاوان لە کۆمەڵگای کوردستانی ئەمڕۆکە ڕووی لە زیاد بونە لەدەرنجامی کێشە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەرونیەکانەوە کە ئەگەر کارنەکرێت لەسەر چاککردنی ئەو هۆکارانە بێگومان ڕێژەی بەرزی تاوان هەمیشە بەرەو زیادبون دەچێت و ڕێژەی گەڕانەوە بۆ سەر تاوانیش ڕو لەزیاد بون دەکات. کە ئەمەش نەک هەر مەترسی لەسەر خودی تاکەکەسێک دادەنێت یان خێزانێک بەڵکو مەترسی لەسەر کۆی ئاسایشی کۆمەڵگە دروست دەکات و ڕەوشێکی نائارام و ناجێگیر دێنێتە کایەوە.

دوبارە گەڕانەوە سەرتاوان، جگە لەوەی ترس و تۆقاندن بڵاودەکاتەوە لەهەمان کاتدا کاریگەرییەکی خراپ دەکاتە سەر بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە ڕووی ئابورییەوە، چونکە ئەوکاتە دۆخێکی ناجێگیر و نائارامی دروستدەکات کە کاریگەری ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر پەیوەندی لەگەڵ وڵاتان و کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان کە بێگومان لەئەنجامدا دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

لەلایەکی ترەوە لەگەڵ زیادبونی ڕێژەی تاوان لە کوردستان و زیادبونی ڕێژەی گەڕانەوە بۆسەر تاوان کاریگەری خراپ دەکاتە سەر بنکە چاکسازییەکان بەهۆی زۆری ڕێژەی سزادراوانەوە. ئەمەش وادەکات کە زەحمەت بێت خزمەتگوزاری بەشێوەیەکی گونجاو پێشکەش بکرێت و تاوانباران چاکسازبکرێن، ئەمەش ئەگەری ڕاهاتن لەسەر تاوان و فێربونی جۆری تری تاوان ئاسانتر دەکات و ئەو مەترسیە لەسەر کۆمەڵگا فراوانتر دەکات و ئەوکاتە کۆنترۆڵکردنیان زەحمەتتر دەبێت.

2- گرنگی توێژینەوە(The Importance of the Research):

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم توێژینەوەیە لەبابەتێک دەکۆڵێتەوە کە پێشتر هیچ لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە لەناوەندە ئەکادیمیەکاندا بەپێی زانیارییەکانی توێژەر. وە کەس باسی لێوەنکردوە لەکاتێکدا ئەمە بابەتێکە پەیوەستە بەژیانی هەموتاکەکانی کۆمەڵگا. دیاردەی گەڕانەوە بۆ سەر تاوان، هیچی کەمتر نیە ئەگەر زیاتریش نەبێت لەکێشەکانی کەمی کارەبا، ئاو، خۆراک...هتد چونکە پشتگوێخستنی ئەم بابەتە مەترسیدارە دەبێتە هۆی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی کۆمەڵگاو دارزانی بونیادی کۆمەڵگە و ئاسایشی کۆمەڵایەتیش دەخاتە مەترسییەوە.

لەکاتێکدا ئەم توێژینەوەیە زانیاری ورد دەخاتە بەردەست سەبارەت بەم بابەتە هەستیارە، ئەوکاتە بۆ لایەنی بەرپرس ئاسانتر دەبێت بۆ شێوازی مامەڵەکردن و چۆنیەتی پلان دارشتن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم بابەتە، وە دەتوانرێت ئاسانتر سوود وەربگیرێت لە پێشنیارو ڕاسپردەکانی کە توێژەر دەیخاتە ڕوو.

ئەم توێژیینەوەیە بەسەرچاوەییەکی گرنگ دادەنرێت لە هۆشیارکردنەوەی حوکومەت، بۆکردنەوەی یەکەیەکی دیاریکراو بۆرووبەرووبونەوەی ئەو هۆکارانەی کەڕۆلیان هەیە لەگەڕانەوەی تاکەکان بۆدووبارە ئەنجام دانی تاوان.

لەلایکی ترەوە ئەم توێژینەوەیە کەلێنێک پردەکاتەوە لەنێو کتێبخانەی کوردی، وە دەبێتە ڕێنیشاندەرێک بۆ توێژینەوەکانی دوای خۆی، چونکە بەپێی زنیارییەکانی توێژەر لەسەر ئەم بابەتە ئەمە بۆیەکەم جارە توێژینەوەیەک ئەنجام بدرێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە هەرسێ شاری هەولێر، سلێمانی و دهۆک.

## 2- ئامانجەکانی توێژینەوە(The Research Goals):

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوە بۆدیاریکردنی هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان گەڕانەوە بۆسەر تاوان لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەخەینە ڕو:

ا -هۆکاری کۆمەڵایەتی خێزان(پەروەردەو بە دواداچوون)، بەهاو پێوەرەکان.

ب- هۆکاری ئابوری.

ج- هۆکاری دەرونی.

ء- هۆکاری خوێندن.

## 4- پێناسەی چەمکەکان (Defenistions of the Terms) :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- تاوان (Crime):

بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نەرێنی دادەنرێت واتە بە ناتەواوی شێواندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەمەش بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دادەنرێت وئەم ڕەفتارە ناتەواو و شێواوە کە بە تاوان ئەژماردەکرێت (الحسن، 2001: 266).

بەشێوەیەکی گشتی تاوان بریتییە: لە هەرکردارێکی قەدەغەکراو کەبەئەنجام دانی سزایەك بوونی هەبێت، بەجۆرێك ئەم کردارە لەدەرەوەی بنەماو پێوەرو ڕەفتارە باوەکانی نێو کۆمەڵگاوەبێت و ئەو کەسەی کەئەنجامی دەدات سزادەدرێت (الماغی، 2007: 7). یان دەتوانین بڵێین تاوان بریتییە لەئەنجامدانی هەرکارێك کەپێچەوانەی بڕیارو بەندەکانی یاسای سزادان بێت، کەچەندین کاری قەدەغەکراو و سزای ئەم کارانە لەخۆبگرت، یاسا ناسی ئەمریکی (کارارا) دەڵێت: تاوان بریتییە لە پێشێلکردنی یاسای ووڵات، ئەنجامدانی کردارێك لەدەرەوەی یاساکان لەلایەن کەسێکەوە. ئەم کردارەش بەتاوان ئەژمار دەکرێت و لەو کاتەی یاسا بەتاوانی دانابێت و سزای بۆ دانابێت.

تاوان لە ڕووی یاساییەوە: بریتییە لەهەر کردەوەیەک کە دژ بە بەندو بنەمای یاسایی بێت ئەوە بە تاوان ئەژماردەکرێت و بەکارێکی نائەخلاقی دادەنرێت بۆیە دەبێت مرۆڤ خۆی لێ بەدوور بگرێت تاوەکو دووربێت لە ئەنجامدانی ئەم کارە نەشیاوە. ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر باری ئەمنی و ئاسایشی ووڵات دا (عبدالجبار، 1970: 16).

ئەگەر لەڕووی دەروونییەوە باسی بکەین بریتییە لە ڕەفتارێکی بە ئەنقست و نامەشروع کە لە سەرچاوەی دەروونییەوە سەرچاوەی گرتووە وەك کەبت و تێکچوونی باری دەروونی و ناوەوەی مرۆڤ بۆ تێرکردنی ئارەزوو پێویستییەکانی، کارێکی وا ئەنجامدەدات و بەهۆی ئەنجامدانی ئەم جۆرە کردەوەو ڕەفتارانە سەردەکێشێت بۆ تاوان.

بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە ئاراستەی جۆراو جۆر دەردەکەوێت کە وایدەبینێت

یەکەم: تاوان کۆی شێوازو ڕەفتارە پێچەوانەکانی کۆمەڵگایە کە زیان بە بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت .

دووەم: تیشك دەخاتە سەر ڕێخستنی کۆمەڵایەتی و پێوانەی ئاستی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری تیایە.

سێیەم: خۆی دەبینێتەوە لەهەوڵی دۆزینەوەی پێناسەی تاوان و کۆی کردەوە تاوانکاریەکان و کردەوەکانی دەرەوەی پێوانە و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان (السید، 1987: 22-23).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(سذرلاند): دەڵێ تاوان ڕەفتارێکە کە دەوڵەت ڕێگەی لێدەگرێت لەبەرئەوەی زیانبەخشەو ئەو کەسە هاوڵاتی ئاسایی بێت یاخود فەرمانبەربێت یان سەربازبێت، چونکە گەر سزا نەبێت ئەوە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئاسایشی هاوڵاتیان و تێکدانی خوشگوزەرانیان.

(ولیم بونجیە): وایدەبینێت کە تاوان کارێکە لە نێوکۆمەڵێك مرۆڤ ئەنجام دەدرێت کە زیان بە بەرژەوەندی کۆمەڵگا دەگەیەنێت، لەسەر ئەنجامدانی ئەو کارەی یان ئەو تاوانەی کە ئەنجامی داوە دەبیت بە توندترین شێوە سزابدرێت (المعارف، 1975: 562). بەڵام زانا (تارد) دەڵێ تاوان پێکدێت لە چەندین دیاردەی تری کۆمەڵایەتی لە نێو کۆمەڵگا بڵاودەبێتەوە لە ڕێگەی چاولێکەری و لاساییکردنەوە. بۆ نموونە گەر ئێستا تەماشای کۆمەڵگای خۆمان بکەین زۆر خەڵك هەیە بەهۆی زۆری لاسایی کردنەوە لەزۆری زیادە مەسرەف کەلەگەڵ داهاتی خۆی ناگونجێت دووچاری قەرزی زۆر دەبێت وای لێدێت بەپێی کات بەهۆی نەتوانین و نەدانەوەی قەرزەکان ناچار دەبێت، توشی ئەنجامدانی تاوان بێت جا گەر تاوانەکە دزی بێت یاخود گەندەڵی بێت لەکاری ڕۆژانەی خۆی بە وەرگرتنی بەرتیل بۆیە ئەمە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر کۆمەڵگەدا.

سەبارەت بە هەموو ئەوانەی کە لەسەرەوە باسمان کرد بۆمان دەردەکەوێت کەتاوان بریتییەلە: لەهەر کارێك یاخوود کردەوەیەك، کە دژی یاساو بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەبێت، بەپێ ئەو واقعە کۆمەلایەتییەی کەتاك تیایدا دەژیت لەو کۆمەڵگەیەی خۆی دا ئەمانە بەتاوان ئەژماردەکرێن.

هەروەها هۆکاری ئەنجامدانی تاوان، پەیوەستە بە هۆکارو دەرەنجامەکانی ڕابردوو لە ئێستادا، لەزۆربەی توێژینەوەکان ئاماژەی پێکراوە یاخود توێژینەوەی لەسەر کراوە کەدەڵێت واقیعی کۆمەڵایەتی وایلێدەکات کەتاوان ئەنجام بدات، یاخود ئەو ژینگەیەی کەتیایدا دەژیت هۆکاری ئەنجامدانی تاوانەکەیە یان کەسەکە خۆی لەڕووی دەروونییەوە تاوانبارە.

بەپێویستی دەزانین کەباسی چەنین جۆر لەهۆکاری کۆمەڵایەتی تاوان بکەین کەمرۆڤ ئەنجامی دەدات و کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر کۆمەڵگاوە کەئەمانەن:

2- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان (Social Factors):

چەمکی هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێ بە چەمکێکی سادەو ئاسان، لەهەمان کاتدا ئاڵۆزوسەخت دابنرێت بۆ پێناسەکردن، چونکە وەکو لەهەموو باسێکی زانستە مرۆڤایەتیەکاندا باس لە هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەرییەکانیان کراوە بۆیە تاڕادەیەک دەشێ بگوترێت کە ئاسانە بۆ پێناسەکردن چونکە تاڕرادەیەکی زۆر ڕونکراوەتەوە لەلاین زانایانی بوای کۆمەڵناسی و زانستە مرۆڤایەتییەکانی تردا. هەروەها دەکرێ بەئاڵۆزییش دابنرێت چونکە بەشێوەیەکی ورد پێناسە نەکراوە وەکو ئەوەی کەپێناسەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەمکەکانی تر کراوە، بڵکو لێرەدا دەکرێ تێبینی ئەوە بکرێت کە زیاتر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان شیکراونەتەوە وەک لەوەی پێناسە کرابن وەکو چەمکێک.

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ وا پێناسە بکرێت کە بریتیە لە کۆمەڵێک بارودۆخ کە دەووری تاکەکەسێک دەدەن وە جیای دەکەنەوە لەکەسانی تر بەگوێرەی جیاوازی ئەو بارودۆخانەی کە دەوری تاکەکەکاین داوە. لێرەشدا گرنگە ئەوە روونبکەینەوە کە مەبەست لە بارودۆخی کۆمەڵایەتئی بریتە لە کۆمەڵێک پەیوەندی کە پەرەدەسێنێ لەنێوان تاک و خاڵکانی تر بەشێوەیەک کە تێکەڵاوی یەکتر دەبن هەروەکو لە پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان، کۆمەڵگە، قوتابخانە، یان ئەو هاورێ و هاوپیشانەی کە تاک هەڵیاندەبژێرێت دەبینین (داودي، 2014).

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە کە ئاماژەبدەین بە "فاکتی کۆمەڵایەتی" کەلەفەرهەنگی کۆمەڵناسی ئۆکسفۆرد (Oxford Dictionary of Sociology) ئاماژەی پێدراوە بەوەی بریتیە لە شێوازەکانی بیرکردنەوە، هەستەکان، ئەنجامدانی رەفتار لەلای تاکەکانی کۆمەڵگا. ئەم چەمکەش لەبنەرەتدا بۆ "ئەمیل دۆرکهایم" دەگەرێتەوە بۆشیکردنەوەی کۆمەڵناسانە بەکاریهێنا، کە وەک جیاکارییەک لەلێکدانەوە دەروونناسی و بایلۆجیەکان (.Marshall, 1994: 486 ؛ Scott and Marshall, 2009:701) فاکتی کۆمەڵایەتی تاڕاددەیەکی زۆر یاخود دەتوانین بڵێین هەمان هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان دەگرێتەوە، چونکە هەروەک لەفەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ زانستی کۆمەڵاناسی ئەوەی رونکردۆتەوە کە فاکتی کۆمەڵایەتی، رۆڵ، دامودەزگاکان، سیستەمی ئابوری، زمان و ئەو پێوەرانە لەخۆدەگرێ کەتاوان، دیاردەی خۆکوشتن و هەژاری پێ شیدەکرێتەوە(Scott and Marshall, 2009: 701).

هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێ بەوە بناسرێت کەلەهەموو ئاڕاستەکانی شیکردنەوە و پاڵنەری تاوان فراوانترە چونکە زۆربەی ئەو بارودۆخانە لەخۆ دەگرێ کەپاڵنەرن بۆ ئانجامدانی تاوان، هەڵگرانی ئەم ئاڕاستەیەش زیاتر جەخت لەسەر ئەو بارودۆخەنە دەکەنەوە کەدەووری تاکیان داوەو پاڵنەرن لەکاتی ئەنجامدانی تاوان(نصر الله، 2013: 73).

پێناسی رێکاری بۆ هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان:

بریتیە لە هەموو ئەوبارودۆخ و کاریگەرییانەی کەلەدەوروبەری تاکداهەن لەناو کۆمەڵگە و ئاراستەی دەکەن بۆ ئەنجامدانی رەفتار، ئەمانەش دەشێ لەکۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکسی تر جیاوازبن.

3- گەرانەوە بۆ سەر تاوان (Recidivism):

چەمکی دووبارە گەڕانەوە بۆسەر تاوان، چەمکێکە پێناسەکردنی ئاسان نییە، چونکە بەشێوازی جیاواز و جۆراوجۆر پیناسەکراوە لەلایەن زانایان، هەروەها لەلایەن زانستە جیاوازەکانی وەک یاسا، تاواناسی، کۆمەڵناسی، زانستی سزا، لەبەرئەوە ناکرێ پێناسەی هیچ یەکێک لەو زانستانە فەرامۆش بکەین، چونکە هەر یەکێک لەو زانستانە پێویستە لێکدانەوەی خۆی هەبێت سەبارەت بە بابەتی تاوان و تاوانباران و دووبارەگەڕانەوە بۆسەر تاوان.

سەرەتا بەباشی دەزانین کەوا پێناسەی چەمکی گەڕانەوە بکەین لەڕووی زمانەوانییەوە. لەفەرهەنگی (سەرچاوە)ی زمانەکانی عەرەبی-کوردی لەبەرامبەر وشەی "العودە"ی عەرەبی وشەکانی گەڕانەوە، ڕۆیشتنەوە، دووبارەکردنەوەی بەکارهێناوە (ماشانی، 2008: 652). لەفەرهەنگی (المورد) کە بۆ زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی دانراوە، لەبەرامبەر وشەی ئینگلیزی (Recidivism) وشەکانی گەڕانەوە بۆ بارودۆخی پێشو، یان ڕەفتاری پێشوو (بەتایبەت تاوان)ی داناوە( البعلبكی، 2002: 756). بەهەمانشێوە (العود) وا پێناسەکراوە بەمانای گەڕانەوە بۆ دەستپێکێکی تازە (مصطفی واخرون، بدون سنة :735 ; ابن منظور، بدون سنة : 192).

لەفەرهەنگی ئۆکسفۆردیش بۆ کۆمەڵناسی بەم شێوەیە پێناسەی کردووە کە هەرکەسێک سزا بدرێت لەسەر تاوانێک زیاتر لەجارێک، بەکەسێکی دووبارە گەڕاوە بۆسەر تاوان دادەنرێت. دووبارەگەڕاوە بۆسەر تاوان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای کۆتا تاوانی ئەو کەسە دادەنرێت، وەکو ڕێژەش دووبارە ئەنجامدانەوەی تاوان لەماوەی یەک، دوو، پێنج یان دەساڵدا دادەنرێت (Scott and Marshall, 2009; 635).

لەڕووی یاساییەوە دووبارەگەڕانەوە بۆسەر تاوان یان سەرپێچی، واتە هەڵسانی تاوانبارێک بەئەنجامدانی تاوانێک جارێکی تر، سەرەڕای تاوانی پێشووی، دوای ئەوەی بڕیاری سزادانی بۆ دەرچوو لەسەر ئەم تاوانەی کەئەنجامی داوەتەوە ( القرم، 1992: 233). هەربەهەمان شێوە وا پێناسەکراوە بەوەی کە بریتیە لە گەڕانەوەی کەسێک بۆ سەر تاوانێک یان زیاتر دوای سزادانی لەسەر تاوانی پێشوی وە ئەنجامدانی تاوانی تر و وەرگرتنی سزای تر (عبدالمالک، بەبێ ساڵ: 230).

بەپێی پێناسە یاساییەکان بێت دەبێت مەرجی ئەوە هەبێت کە کەسەکە پێشتر سزای یەکلاکەرەوەی وەرگرتبێت (الالفی، 1995: 56).

زانایانی بواری تاواناسی وا پێناسەی گەڕانەوە بۆسەر تاوان دەکەن کە بریتیە لە ئەنجامدانەوەی تاوان، بێگوێدانە بڕیاری سزا (الجنزوری، 1977: 653).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها زانستی سزا بەم شێوەیە پێناسەی دەکات کە کەسێک کە تاوانێکی ئەنجامداو سزادرا، دوای ئازادبوونی تاوانێکی تری ئەنجامدایەوەو سزایەکی تری لەسەر وەرگرت (الجنزوری، 1977: 653).

دووبارەگەڕانەوش بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبێت بۆ دوو جۆری سەرەکی لەڕووی جۆری تاوانەکان:

1- گەڕانەوەی گشتی/ واتە سازادانی تاوانباری گەڕاوە بۆسەر تاوان لەسەر ئەنجامدانی تاوانێکی نوێ، گرنگ نییە ئەم تاوانە وەکو هی پێشوی بێت (السماک، 1985: 59).

2- گەڕانەوەی تایبەتی/ واتە سزادانی کەسێک لەبەرئەوەی تاوانێکی تری ئەنجامداوە وەکو تاوانەکەی پێشووتر کە لەسەری سزادرابوو (السماک، 1985: 61).

سەبارەت بە ماوەی نێوان ئەنجامدانەوەی تاوانەکان دووبەرگەڕانەوە دەکرێت بە دوو جۆر:

1- دووبارە گەڕانەوەی هەتاهەتایی/ ئەمەش دەوەستێتە سەر ماوەو کاتی ئەنجامدانی تاوانی دووەم، وە لێرەدا ناوەستێتە سەر ماوەیەکی دیاریکراوی نێوان تاوانی یەکەم و دووەم بەڵکو لەهەر کاتێک بێت دوای ئازادبوونی لەسەر تاوانی یەکەم، تاوانیکی تر ئەنجام دەداتەوە وە ئەمەس بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەکەسی گەڕاوە بۆسەر تاوان سوورە لەسەر ئەنجامدانەوەی تاوان، وە ئەمەش زیاتر پەیوەستە بەلایەنی دەرونی ئەو کەسەوە (السماک، 1985: 65).

2- دووبارەگەڕانەوەی کاتی/ واتە ئەنجامدانەوەی تاوانی دووەم، دوای ماوەیەکی کەم لە کۆتایی هاتنی سزای یەکەم (السماک، 1985: 64).

سەبارەت بە چەندێتی دووبارە گەڕاوە بۆسەر تاوان، دیسان دەکرێت بە دوو جۆر:

1- گەڕانەوەی سادە/ واتە تاوانبار تەنها یەکجار سزادەدرێت لەسەر ئەوە تاوانەی کە ئەنجامی داوەتەوە، ئەمەش بەو پێیەی کە کەسەکە ڕاهاتوو نییە لەسەر گەڕانەوە بۆ تاوان (السماک، 1985: 66).

2- گەڕانەوەی بەردەوام/ واتە دەرچوونی چەندی سزا لەسەر کەسی دووبارەگەڕاوە، بەو پێیەی لەچەندین تاوانی ئەنجام داوەو چەندبارەی کردۆتەوە (السماک، 1985: 66).

پێناسەی ڕێکاری بۆ دووبارە گەڕانەوە بۆسەر تاوان/ لەژێر ڕۆشنایی پێناسەکانی سەرەوە دەتوانین بڵێین کەوا دووبارەگەڕانەوە بۆسەر تاوان بریتیە لە ئەنجامدانەوەی تاوان یان چەند تاوانێک دوای ئەنجامدانی تاوانیتر لە پێشودا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- بوارەکانی توێژینەوە (The Aspects of the Research):

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانی گەڕانەوە بۆسەر تاوان لە چاکسازییەکانی گەوران لەهەرێمی کوردستان. وەک هەر توێژینەوەیەکی تر سەرەتا بەبەشی تیۆری دەستپێکراوە کە ئەمەش خۆی لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمکەکان و باسکردن لە هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان دەبینێتەوە، لەگەڵ دەرخستنی دەرەنجام و پێشنیارەکان.

سەبارەت بە میتۆدی توێژینەکەش میتۆدی وێنەی شیکاری بەکارهێنراوە کە خۆی لە وێنەو هێلکاری دەبینێتەوە لەگەڵ شیکارکردنی داتاکانیان. بۆ کۆکردنەوەی زانیاریش لە نێو چاکسازییەکاندا شێوازی پرسیارنامە بەکارهێنراوە لەگەڵ ئەو سزادراوانەی کە دوبارە گەڕاونەتەوە سەر تاوان.

بەشی دووەم:

ئەم بەشە تایبتە بە کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان داوە لەسەر گەڕانەوە بۆتاوان کە ئەوانیش هەریەکە لە خێزان، پەروەردەو قوتابخانە، هاوڕێی خراپ، ژینگەی نیشتەجێبون، ژینگەی کارکردن، دەستبەتاڵی، کاتی زیادە، لاوازی پەروەردەی ئایینی و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت.

هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:

1- خێزان Family

یەکەم دەزگای پەروەردەییە کە مرۆڤەکان لە یەکەم چاوکرانەوەیان تیایدا خۆیان دەبیننەوە. ئەو شوێنەیە کە لەناویدا کەسایەتی منداڵ دروست دەبێت بەتاك و کۆمەڵ (میشل، 1980: 140-296).

خێزان بریتیە لە کۆمەڵێك لە تاك کەوا پەیوەندییەکی پتەوی مێژوویی پەیوەندیدار بە هاسەرگیری و خوێن، بەیەکیان دەبەستێتەوە، ئەو کۆمەڵەیە لەیەك خانوو بەیەکەوە دەژین و باوك و دایك و منداڵەکان بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە بەپەیوەندی کۆمەڵایەتی ترەوە. خێزان ڕۆڵی سەرکردایەتی دەبینێت لە ئامادەکردنی منداڵ بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتیە ئاڵۆزەکان، پەروەردەکردنی لەسەر ڕۆڵ بینینی کۆمەڵایەتی گونجاو کە لەڕێگەیەوە خزمەتی پێویست بە کۆمەڵگا بکات .

خێزان لە دیدی بیرمەندە کۆمەڵایەتیەکان لەسەردەمانی زووەوە بایەخیان بەو لایەنەداوە بۆ وەستان لەسەر پێکهاتەو ئەرکەکانی و ئەوگیروگرفتانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کەم و کوڕییەکانی، کۆمەڵگا ناتوانێ ڕاستەڕێ بێت وە یاخود ڕزگاری بێت لەدیاردەی خراپ و پڕ لەو گیروگرفتانە تاوەکو بناغەی کۆمەڵایەتی خێزان لەسەر بنەمای ڕێك و ڕاست دا نەوەستێت، زۆر لەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بیرمەندانەی کە بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی خێزان داوەو بیروبۆچوونی دیاریان هەیە لەو بوارە وەك (ئەفلاتون، ئەرستۆ و ئۆکست کونت) (القصاص، 2008: 208-221).

لەژێر ڕۆشنایی گرنگی پێگەی خێزان و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی و رۆڵە ژیرییەکەی لە دروستکردنی تاك، دەتوانین هەست بە شوێنەواری کەڵەکەبوو بکەین بۆ ئەو شیکردنەوانەی دەبێتە دروستکەری خێزان و ئەرکەکانی لە بواری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و کاردانەوەی ترسناکی لەسەر داهاتووی تاك و ئاسودەیی دەرونی و کۆمەڵایەتی.

خێزان بەیەکەم ناوەندی کۆمەڵایەتی دادەنرێت کەمندالّ چاوی تیادا هەڵ دەهێنێت و ئاشنا دەبێت بەو ژینگە کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها ڕۆلێکی گرنگ دەگێرێت لە بەکۆمەڵایەتیکردنی تاك لەناو کۆمەڵگەوە، چەند لێکۆڵینەوەکی زانستی هەن دەڵێن هەرکاتێك خێزان تێکچوو کۆمەڵگە بەرەو تێکچوون دەچێت ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە مەترسیەوە هەروەها زانای ئەڵمانی (بون هوبر) توێژینەوەکی کرد لەساڵی (1939-1949) لەسەر ( 110) تاوانباری مەترسیدار لەئەڵمانیا کە سزادرابون بۆیدەرکەوت کەڕێژەی لە (45%) هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆخراپی پەروەردەی خێزان (رمضان، 1985: 162).

هەروەها زانایەکی تری ئەڵمانی (هیلی وبرونر)یش توێژینەوەکییان کرد لەسەر هەڵسوکەوتی دایك و باوك لەگەڵ منالّەکاندا لەسەر (4000) کەس، لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆیان دەرکەوت کە (40%)یان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆخراپی پرۆسەی پەروەردەی خێزانی، بێبەشبوونی تاکەکان لەسۆزو خۆشەویستی دایك و باوکیان، گەر ئەم لەدەستدانە بەهۆکاری مردنی یەکێك لەم دووانەبێت یاخود بەهۆکاری جیابوونەوە بێت (رمضان، 1985: 162).

بەڵام گەر سەیری کۆمەڵگەی خۆمان بکەین دەبینین لەساڵی (2015) بەپێی بەدواداچونێکی مەیدانییانەی توێژەر بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر ئەوەی دەستکەوت کە ڕێژەی ئەنجامدانی تاوانی خێزانی (88%)یە کە ئەمە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەرکۆمەڵگەی کوردی، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگایەکی خاوەن پەیوەست بوونە بەبەهاکانەوە، بوونی ئەمجۆرە تاوانانە تیایدا کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر هێمن و ئارامی کۆمەڵگادا.

2- ڕۆڵی پەروەردە و قوتابخانە The Role of School and Education/

ئەو تاوانانەی کەوا یاسای سزادان سزای لەسەر سەپاندووە، تایبەتی نەکردوە بەوکەسانەی کە نەخوێندەوارن یاخود ئاستی ڕۆشنبیریان لاوازە، بەڵکو یاساکان کەسانی ڕۆشنبیرو خوێندەواری ئاست بەرزیش دەگرێتەوە، چونکە تاوان هەر تاوانە جا چ خوێندەوار بیکات یان نەخوێندەوار، بەڵام زۆر جار گەر کەمێک وردبینەوە لەجۆری تاوانەکان بۆمان دەردەکەوێت کە بەپێی جۆری ئیشەکەیان لێك جیاوازن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆنموونە کەسێك بەڕێوەبەری بانکێکە دزییەك دەکات یان برێکی زۆر پارە دەبات جیاوازە لەگەل یەکێك کە بێ کارە تەنها لەبەر بژێوی ژیان مزەخیەك دەبات یان پایسکیلێك دەدزێت یان لەپێناو بژێوی ژیانی منالەکانی شیر دەبات لەرووی ئەنجامدانیەوە جیاوازە بەلام هەر بەدزی ئەژمار دەکرێت بەلام لێرەدا دەتوانین پێناسەی دزی بکەین کە: (یەکێکە لە جۆرەکانی تاوان کە بۆ چەندین بەش دابەش دەبێت کە بریتین لە لەدزینی ئۆتۆمبێل و دزینی مال، یاخود بردنی هەرشتەك کەبێ فەرمانی خاوەنەکەی بێت ئەوکەسەی کەدزی دەکات یاخود هەلدەستێت بەئەنجامدانی واتە دەبێت کەسەکە ژیرو پێگەیشتو بێت گرنگ نییە کەسەکە موسلمان بێت یان ناموسلمان ) (الجزیری، 1972: 156).

هەروەها جۆرێکی ترمان لەتاوان هەیە وەك ئەو تاوانانەی کەوا کەسانی ڕۆشنبیرو خوێندەوار دەیکەن پێی دەوترێت تاوانی (کەسانی خاوەن نفوس – ذوی الیاقات البیض) کە لە هەموو شوێنێك دەرناکەون تەنها لەوشوێنانە دەردەکەون کەخۆیان شارەزاییەکی باشیان هەیە تیایدا وەك ئەنجام دانی تاوانی دزی لەلایەن کەسێك کەخۆی لەناو واقعەکەبێت وەك کارمەندی میری بێت لەبەشی دزی یان بەدرەوشتی کە ئەنجام دەرەکە کارمەندی بەشی میری بێت لە بەشی توندوتیژی ژنان (الزغالیل، 1999: 46).

دەتوانین بلێین قوتابخانە وەك ناوەندێکی زانستی ئەو ڕۆڵەی دەیگێرێت هیچی کەمتر نیە لەخێزان لە پەروەردەو دروستکردنی کەسایەتی تاك، بەتایبەتی لەقۆناغەکانی منالی و هەرزەکاری، قوتابخانە تەنها ڕۆلی فێرکردنی تاك نییە لەزانست و زانیاری بەلکو پەروەردەو فێرکردن و بەهاو ڕەوشتە کۆمەلایەتییەکان یەکێکە لە ڕۆلە گرنگەکانی کە قوتابخانە دەیگێرێت لەژیانی تاك دا، چونکە گەر قوتابخانە ڕۆلی خراپی گێڕا ئەوە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر تاك و کەسانێکی خراپ بەرهەم دەهێنن و کومەلگە بەرەو وێرانی دەڕوات، هەروەها وا لەمنالەکان دەکات ڕق و کینە هەلگرن بەرامبەر بەکۆمەلگەوە، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئاسایشی کۆمەلایەتی، ئەوەی ئێستا دەیبینین کەکۆمەلگاکەمان تیایدا دەگوزەرێت دەرەنجامی ئەو پەروەردە خراپیە کەمنالەکانمان وەریان گرتوە بەهۆی بوونی جیاوازی چینایەتی لەنێو قوتابخانەکان، ئەم جیاوازیە ڕەنگدانەوەی خراپی دروستکردووە لەسەر قوتابیەکان، وە بەلاڕێیدابردون وەك توشبوونی قوتابیان بەبەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان، پەنابردنە بەرئەنجامدانی تاوان (الکمر، 1989: 141).

ئەرك و فەرمانێک کە پێویستە قوتابخانە ئەنجامی بدات دەتوانرێ بکرێتە دەزگایەکی خۆ پارێزی کەوا لە ڕێگەیەوە منداڵ و گەنج بپارێزێت. پلەی یەکەمی زانست گەیاندنی هۆشیاری و توانای زانستییە بۆ پاڵپشتیکردنی ئاڕاستەو بەهای گونجاوە .

قوتابخانە بە ناوەندێکی گرنگ دادەنرێت بۆ هەلسان بە پەروەردەکردن، بەرەوشتکردنی ڕەفتاری تاك و دروست کردنی تاکێك یاخود کەسێك بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و پاراستنی لە مەترسی تێکچوونی بیرکردنەوەو بوونی بە هۆکاری لاوازی کەسێتی (الخطیب، 1984: 80-187).

ڕۆڵی قوتابخانە لە دروستکردنی ڕەفتاری تاوانکاری خۆی لەوتەی زانای فەرەنسی (ڤیکتۆر هۆگۆ) دەبینێتەوە کە دەڵێ ( هەر قوتابخانەیەك لەبەرامبەردا بەندیخانەیەکی داخراو دەکاتەوە) بەڵام ئەوە نابێتە هۆکاری ئەوەی زانست کاردانەوەی پێچەوانەی نەبێت لە زیادبوونی ڕێژەی تاوان، ڕاستە زانستی زۆر دەبێتە هۆکاری نەهێشتنی تاوان بە کێشانەوەی نەزانی لە بڕوابوون بە خورافیاتی جۆراوجۆر لە دیدی تاکەوە، بەو پێیەی زانست پێگەیەکی دەداتێ خوێندەوار هەوڵدەدات ئەو پێگەیە بپارێزێت و هەوڵدەدات ئاستی خوێندەواریەکەی زیاتر بکات، بەڵام گەرتەماشای کۆمەڵگەی خۆشمان بکەین بۆمان دەردەکەوێت لەساڵی (2015) دا ئەوانەی کەتاوانیان ئەنجام داوە، ئاستی خوێندەواریان لەنێوان قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی دایە ڕێژەیان (27.40%) دایە زۆرترین ڕێژەیان بەرکەوتووە کەژمارەیان (14) حاڵەت بووە (العبید، 1981: 146).

3- هاوڕێی خراپ (Toxic Friends):

لە گرنگترین هۆکارەکانی کەپاڵ بەتاکەوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری تێکەڵاوبونیەتی بە هاوڕێی خراپ بە تایبەتی هاوڕێیانی گەڕەك و کۆڵان و هاوڕێی قوتابخانە لە کەسانی سەرلێشواو و شەڕانگێز، تاك بە خێرایی کاریگەر دەبێت بە هاوڕێکانی بە تایبەتی ئەو هاوڕێیانەی کە لەهەمان تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و بیرکردنەوەدان ئەو کاریگەرییە زیاترە لە کاریگەربوون بە دایك و باوك و قوتابخانە بۆیە پێویستە لەسەردایك وباوکان بەردەوام چاودێری منالەکانیان بکەن، ئاگاداریان بن لەوەی کەمنالەکانیان لەگەڵ کێ هاوڕێیەتی دەکەن ( ناصر، 1996: 92).

واتای (هاوڕێ) بریتیە لەهەوڵدان بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی و دڵنیاکردنەوەی لە نێو کۆمەڵەکەیان، ئەو کۆمەڵەیە یارمەتی دەدەن لەسەر دروستکردنی پەیوەندی کۆمەلایەتی پتەو لەگەڵ هاوتەمەنەکانی، هاوڕێیانی یاریکردن ڕۆڵی دیاریان هەیە لە کاریگەر بوونی لەسەر هاوڕێی نوێی یاری، چەمکی باویان ئەوەیە هەست بە بەسەربردنی کاتێکی خۆش دەکەن یان کاتە بەتاڵەکانی بە یاری بەسەردەبات، جگە لەوە وایدەبینێت کە بەشێکە لە کرداری پەروەردەیی کەوا سنورێك دادەنێ بۆ مەترسی ڕەفتاری تاوانکاری لای هەرزەکار، زانای نەمساوی (بیاجیە) کەباس لەتیۆری گەشە دەکات لەو بارەیەوە دەڵێ (یاریکردن کارێکە وادەکات زانیاری نوێ بەدەستبهێنرێت بۆ گونجاندنی پێویستیەکانی تاک. واتە یاری بەشێکی جیانەکراوەیە لە گەشەی عەقلی و زیرەکی ) (سعفان، 1966: 136).

زۆر لەزانایانی تاوان بەتایبەتی ئەوانەی گرنگییان بە کاریگەری هاوڕێیەتی داوە لە ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری لەلایەن تاکەوە وەك زانای ئەمریکی (سذەرلاند) کە بیردۆزەکەی ناونا (تێکەڵاوی گۆڕاو)، چونکە بەهۆی هاوڕێیەتی خراپەوە منالەکانمان دووچاری تاوان دەبنەوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەك ئەوەی کە ئێستا لەکۆمەڵگەی خۆمان باوە جاچ لەڕێگەی هاوڕێی ناوخۆیی بێت وەك دور لەبەکارهێنانی تەکنەلۆجیا یان وەك هاوڕێیەتی تەکنەلۆجیابێت (لەنێو تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی)، لەڕێگەی بەکارهێنانی یاری ئەلکترۆنی وەك (پۆبجی، چون بۆ کافتریاکان) کە منالەکان دووچاری ئەنجامدانی زۆر لەتاوان بوونەتەوە.

4- ژینگەی نیشتەجێ بوون (The Place of Residence):

زۆربەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکانی کە بایەخیان بەبابەتی تاوان داوە جەخت لەسەر رۆڵ و گرنگی نیشتەجێبوون دەکەنەوە بەو پێیەی هاوکارە لە کردەوەی تاواندا ئەو شوێنەی کەوا کەسەکە تیایدا دەژیت ڕۆڵی هەیە لەو ڕووەوە، خودی شوێنی نیشتەجێ بوونەکە لەڕووی تەسکی و فراوانی و گەورەیی و هەوا گۆڕکێی و مشتەمەلەکانی و بەرزێتی و نزمێتی و کۆنی و نوێی ڕۆڵی خۆیان هەیە (الخطیب، 1984: 59).

(جس تایلر) وای دەبینێت کە تاوانی ڕێکخراو و چەتەیی سەرچاوەکەی گەڕەکی جیاوازە، جگە لە هۆکارەکانی تر، ئەوانەی ئینتمایان بۆ ئەو گەڕەکانە هەیە وا هەست دەکەن کۆمەڵگا بەشدارە بەشێوەیەك لە شێوەکان کەوا ئەگەر ئەوان هەژاربن بەدروستکردنی گروپی ڕێکخراو و چەتەیی تۆڵە لە دەرەوەی گەڕەکەکانی خۆیان دەکەنەوەو تاوانیان لەبەرامبەر دەکەن، وەك گەڕەکە هەژار نشینەکان گەر تەماشای بکەین دەبینین هەندێک گەڕەکی خۆمان هەن وەك باداوە، شاپاوە یاخود سالآنی هەشتاکان کە لەناو شاری هەولێر چەند کەسێك هەبوون خۆیان کردبوو بە سەرۆکی گەڕەکەکان وەك (سانی مەنتیقە) یان (فلان بەلاشاوە)، ئەوانە ناوەکانیان دەبنە هۆکارێك بۆدروست بونی تاوان ئەو جۆرە گەڕەکانە لەزۆربەی وڵاتانی جیهان بوونیان هەیە وەك ئەمریکا، بەریتانیا، فەڕنسا (الحسن، 1986: 14-15).

5- ژینگەی کارکردن (The Workplace):

ژینگەی کارکردن ئەو کۆمەڵگایەیە کەوا تاك بۆی دەچێت بۆ بەئەنجام گەیاندنی پیشەکەی یان کاروفرمانەکەی کە تاك لەوانەیە لەو ژینگەیە ئاسودەبێت یان ڕووبەڕووی شکست هێنان و سەرنەکەوتن ببێتەوە گەر بێت و لەو ژینگەیە ئاسودەبێت ئەوا کاریگەری ئەرێنی لەسەری دەبێت بەپێچەوانەوە کاریگەری نەرێنی دەبێ لەسەری. زۆر هۆکار وا لەکەسەکان دەکات کەوا بەدکاری بکەن لەوانە قورسی و پاڵەپەستۆی ئابوری خێزان، گەرهاتوو ئاستی بژێوی لاوازبوو داهات نزم بوو زۆربەی کات وادەکات دایك و باوك نەتوانن بەردەوام بن لەسەر دابینکردنی پێویستیەکانی منداڵەکانیان بۆ تەواوکردنی خوێندن، خێزانە ئاست نزمە ئابوریەکان زۆربەی کات ئەوەیان پێباشترە منداڵەکانیان لە خوێندن دابڕێنن و دەست بەئیشکردن بکەن کە ئەو شوێنەی ئەو گەنجە یان هەرزەکارە کاری تیا دەکات کاریگەری لەسەری دەبێت، بەوەی گەر ژینگەکەو کەسانی دەوروبەری لەکارکردن باش بن ئەوا کاریگەری ئەرێنی لەسەری

دەبێ بە پێچەوانەوە کاریگەری نەرێنی لەسەری دەبێ، بۆنمونە لە کۆمەڵگەی خۆمان ئەومناڵانەی کە لەخوێندن دەرهێنراون و لەلای فیتەرەکان کاریان کردووە جۆرێکی تایبەت دەرچوون لەچاو ئەو مناڵانەی کە لە قەیسەری کاریان کردووە (ابراهیم، 1983: 49).

6- دەستبەتاڵی و کاتی زیادە (Spare Time):

بوونی ژینگەیەکی هێمن و ئارام ئەو ژینگەیە کەوا کەسەکان زۆربەی کاتی بەتاڵیان بەبەسەربردنی کاتێکی خۆش بەسەردەبەن بە ئەنجامدانی جۆرەها چالاکی و بەدل خۆشی و پێکەنینەوە دەبەنەسەر، کاتی دەستبەتاڵی کاتی گونجاوە بۆ تاك کە لەو رێگەیەوە دەتوانێت چالاکی جۆراوجۆر بکات کە خۆی دیاریان دەکات، بەڵام لەکاتی ئێستایە ئاستی کات تەنیا دەقەو سەعات و ڕۆژ نییە لای تاك کەبەسەری دەبات بەڵکو کاتی گرنگ ئەوەیە پێویستە پلان و بەرنامەی بۆ دابنێت و بەگەڕی بخەیت .

لەو گرفتە کۆمەڵایەتییانەی ئێستا لە کۆمەڵگا دەرکەوتووە کێشەی ئالوودە بوونە بە ماددە هۆشبەرەکان، بەمەترسیدارترین بواری کات بەتاڵی دادەنرێت کە لە خواردنەوە کحولییەکان کەمتر بڵاوە بەڵام وێرانکەرترە. تووش بوو بە ماددە هۆشبەرەکان تووش دەبێ بە تێکچوونی عەقلی و جەستەیی و پێکهاتەیی، وە دەبێتە کەسێکی دڵەڕاوکێ و لاوازی بیری و تووش بووی ماددە هۆشبەرەکان پەیوەندی پتەوی بە تاوان هەیە بەو پێیەی خانەکانی مێشکی تووشی ئیفلیج بوون دەکات و ناتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان خێروشەڕدا ئەمانەو کۆی هەموویان کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵگادا، کۆمەڵگەی خۆشمان بەدەرنییە لە بوونی کاتی بەتاڵ ئەمەش کارێگەری خراپی دروست کردووە لەسەر تاکەکان بۆ ئەنجامدانی تاوان کە ڕۆژانە گوێبیستی چەندین جۆر لەتاوان دەبین کەپێشتر گوێمان لێنەبووە کە هۆکارەکەی بێ کاریە (الحسن، 1986: 38).

7- لاوازی پەروەردەی ئایینی (The Religious Factor):

لایەنی ئایینی کاریگەری دیاری دەبێ لە پالپشتیکردنی ئاسایشی کۆمەڵگا لەناوەخۆی کۆمەڵگاوە دژایەتیکردنی دیاردەی شێواو تەمومژاوی کەوا تووشی خەڵکێك دەبێ بۆ چارەسەرکردنی لە پێناوی خۆپاراستن لێی، ڕۆڵی ئایین لەسەرووی ڕۆڵی هەر دەزگایەکی تری پەروەردەیی و یاساییە وە بەگرنگترین ڕۆڵ دادەنرێت بەوەی گفتوگۆ لەگەڵ خودی ویژدانی کەسەکان دەکات .

هەندێ لە زانایانی تاوان ئاماژەیان بە گرنگی ئایین کردووە بۆ پاراستنی کۆمەڵگا لە ڕەفتاری تاوانکاری هەر لەو ڕوانگەیەوە زانا (دی بێس) وایدەبینێ کە لاوازی وتاری ئایینی هۆکاری سەرەکیە کە دەبێتە هۆی زیادبوونی تاوان .

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کاریگەری گرنگی ئایین لە بەهێزکردنی دەروونی تاکەکان بەرەو ڕێگای ڕاست. ئایین نەهی لە هەموو کاروکردەوەیەکی خراپ کردووە کەوا خوای گەورە پێی ڕازی نیە (عبدالمعطی، 1977: 130).

ئایین بەمانا گشتییەکەی بریتییە لە کۆمەڵێ بنەماو پرەنسیپ، کاردەکات لەسەر بنەمای فەلسەفەی ئەنجامدانی چاکە وە دورکەوتنەوە لەخراپە، چونکە هێزی ئایین لەخواوە وەرگیراوە. سەرجەم ئایینەکان بەئاسمانی و نائاسمانییەکان، داوا لەتاکەکانی کۆمەڵگە دەکەنەوە کەواز لەخراپە بهێنن و کاری چاکە ئەنجام بدەن، فەلسەفەی ئایینەکان وایە بەڵام گەر وازت هێنا لەئاین و بەهاکانی تاکەکان دووچاری ئەنجامدانی تاوان دەبنەوە (السدحان، 1994: 97).

8- پێوەرەکۆمەڵایەتییەکان (The Social Measurs):

بریتیە لە کۆمەڵێك بیروڕا لە نێوانیان وەك ئامێرێکی جێگیر بوونی هەبێ، مرۆڤ بەکاریدەهێنێت بۆ پێوانەی هەڵوێست و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان. بەهای کۆمەڵایەتی بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت لە دروستکردنی پەیوەندی مرۆڤەکان، ئەو ڕەفتارە دەبێتە هۆی دروستکردنی تۆڕێك لە پەیوەندی لە نێوان مرۆڤەکان دووبارە بنیادنانەوەی جارێکی تر کاریگەری دەبێت لەسەر پێکهێنانی بەهای ترو پێشخستنی، مەبەستەکەی لەم ڕووەوە دەگونجێت بۆ پێکهێنانی کۆمەڵێك کە هەموویان پێکەوە هەولدەدەن جۆرێك لە پێداگری کۆمەڵایەتی بکەن لەسەر ئەوانەی پێچەوانەی ئەو بەهایە دەجوڵێنەوە، بەها و باوەڕەکان سەرچاوەکەیان ڕۆشنبیریە. ئەو باوەڕانە دەکرێت ڕاست بن و دەکرێت هەڵەش بن، لەوانەشە باوەڕەکان لەسەر بنەمای بابەتی دیاریکراوبێت.

بەها بە شێوەی ڕێژەیی دابەش دەکرێت، ناکرێت بگوترێت بەها بەردەوامە و دەربڕینێکی نەگۆڕە، بەڵکو مانەوەی ڕێژەییە، ئەوەش مانای ئەوەنیە کە بەردەوام دەگۆڕێت، بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ڕوون دەبێتەوە پەیڕەوکردنی دەگۆڕێت بۆ دەرخستنی دیاردەیەکی نوێ یان بەهایەکی تر و زاڵ دەبێت بەسەر بەهاکەی پێشوو. واتە ئەوەی دەگۆڕێت شێوەی پەیڕەوکردن و ئامرازو ڕێگەکەیەتی، بۆنموونە پێشتر گەر یەکێك خۆشەویستی بکردبا لەگەڵ کورێك یان لەماڵەوە گوتبای من فلانم خۆش دەوێت دەکوژرا یان سوکایەتی زۆری پێدەکرا، بەتاوان دادەنرا لەڕووی بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان بەڵام ئێستا بەپێچەوانەوە گۆڕانێکی زۆری تیادا ڕووی داوە بەڵکو بگرە ماڵی باوکی کچەکە پێشیان خۆشە کەواتە ئەمە بەپێی کات گۆڕانی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە (ابراهیم، 1996: 114-115).

ئەنجام (Result):

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەئەنجامی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی تایبەت بە تاوان و تاوانباری کە پشت دەبەستێت بە ڕەفتاری تاوانکاری زانایانی ئەو بوارە گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کەوا کۆمەڵێك هۆکار هەن کە ڕۆلیان لە ڕەفتاری تاوانکاری دوبارە گەڕانەوە بۆسەر تاوان هەیە.

1- لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا بۆمان دەرکەوت کە هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاریدا وەك (خێزان، قوتابخانە، هاوڕێی خراپ و ئەو ژینگەیەی کەتیایدا دەژیت) .

2- هۆکارە ئابورییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرن لەئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانکاری دا، وەك پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو، پیشەسازی .

3- پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەئەنجامدانی تاوان دا.

کەواتە هەموو ئەوانەی باسمان کرد لەسەرەوە لەئەنجامی توێژینەوەکەدا بۆمان دەرکەوت کە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرن لەئەنجامدانی تاواندا، چونکە ئەوانە هۆکاری سەرەکین لەناو کۆمەڵگە وە بەبنچینەو بناغەی کۆمەڵگە دادەنرێن، کاریگەری ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر تاکەکانی ناوکۆمەڵگە لەسەرجەم ڕوانگەکانەوە.

پێشنیار(Recommendation):

لەدوای دیاریکردنی دەرئەنجامەکان بەپێویستی دەزانین چەند پێشنیارێك بخەینەڕوو.

1- پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت بۆزیاتر چاودێری کردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ئەنجامدانی تاوان و گەڕانەوە بۆسەر تاوان.

2- پێویستە خێزان زیاتر گرنگی پێبدرێت لەلایەن حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، چونکە خێزان بە بەردی بناغەی کۆمەڵگە دادەنرێت و زۆر کاتیش هۆکاربووە بۆ ئەنجامدانی تاوان و گەڕانەوە بۆسەر تاوانکردن.

3- پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار چاودێری باری ئابوری تاکەکانی کۆمەڵگەبکات، وە هەوڵبدات سیستەمێکی ئابوری ڕێك و جێگیر بکات لەناوکۆمەڵگەدا .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- پێویستە لەسەر حکومەت هەوڵبدات لەڕێگای پیاوانی ئایینی هۆشیاری یاخود ئامۆژگاری تاکەکان بکرێت، کە دورکەونەوە لەئەنجامدانی تاوان چونکە ئایین ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لەکۆمەڵگەکان بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بەپێی ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پابەندبووە بە ئایینەوە.

5- پێویستە زیاتر هانی خەڵك بدرێت کە زۆر بەبایەخەوە ڕەچاوی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بن، چونکە پابەندبوون بە بەها کۆمەڵایەتییەکان، پابەندبوونە بەڕێزگرتن لەکەسایەتی یەکتر و دوورکەوتنەوەیە لەتاوان.

سەرچاوەکان.

1- ابراهيم، اكرم نشأة، (1983)، جنوح الاحداث - عوامله والرعاية الوقائية والعلاجية لمواجهته، بحث مقدم إلى الحلقة الدراسية الخاصة بوقاية الاحداث من الأنحراف، مركز البحوث والدراسات في مديرية الشرطة العامة، بغداد: مطبعة الشرطة.
2- ابن منظور، (1999)، لسان العرب: المجلد الثاني. بيروت: دار لسان العرب.
3- الألفى، أحمد عبدالعزيز، (1995)، شرح قانون العقوبات، القسم العام، مصر: مكتبة النصر.
4- البعلبكي، منير، (2002)، المورد قاموس (انكليزي – عربي)، بيروت: دار العلم للملايين.
5- بهنام، رمسيس، (2005)، بعض الجرائم المنصوص عليها في المرؤنة العقابية، الجرائم المضرة بالمصلحة العمومية والعدوان على الناس في اشخاصهم واموالهم، الاسكندرية: منشاة المعارف.
6- الجزيرى، عبدالرحمن، (1972)، كتاب الفقه على المذاهب الاربعة. بيروت.
7- الجميلي، فتحية عبدالغني،(2001)، الجريمة والمجتمع ومرتكبو الجريمة. عمان: دائرة المكتبة الوطنية.
8- الجنزوري، سمير، (1977)، الأسس العامة لقانون العقوبات ومقارنتها بأحكام الشرعية الاسلامية. القاهرة: مطبعة دار نشر الثقافة.
9- الحسن، احسان محمد ،(2001) ،علم الاجرام. بغداد : مطبعة الحضارة، .
10-الحسن، احسان محمد، (1986)، الفراغ ومشكيلات أستثماره: دراسة مقارنة في علم الاجتماع الفراغ. بيروت : دار الطليعة للطباعة والنشر.
11-الخطيب، منذر هاشم، (1984)، الخدمات الاجتماعية، بغداد: دار المعارف.
12- داودى، سعاد ، (2014)، العوامل الاجتماعية للجريمة. [online] Available at: https://www.startimes.com/?t=34320709 [Accessed 20/8/2019].
13-الدورى، عدنان (1976) اصول علم الاجرام: اسباب الجريمة والسلوك الأجرامى، الكويت: مطبعة جامعة الكويت

14-الراشد، هبة بنت راشد، (2009)، جرائم الزنا والسفاح والبغاء في المجتمع السعودي: مركز اسبار للدراسات والبحوث والاعلام.
15- رمضان، السيد، (1985)، الجريمة والأنحراف من المنظورالاجتماعي. الاسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.
16- الزغاليل، احمد سليمان، (2008)، علم اجتماع الجريمة، عمان: دار وائل للنشروالتوزيع.
17- الساعاتي، سامية حسن، (1983)، الجريمة والمجتمع. ط2، بيروت: دار النهضة العربية للطباعة والنشر.
18- السدحان، عبدالله ناصر (1994) قضايا وقت الفراغ وعلاقته بأنحراف الاحداث. السعودية : دار النشر بالمركز العربي للدراسات الامنية والتدريب بالرياض.
19- سعفان، حسن شحاتة ،(1966)، علم الاجرام. القاهرة : دار النهضة المصرية.
20- السماک، احمد بن حبيب، (1985)، ظاهرة العود الى الجريمة في الشريعة الاسلامية والفقه الاسلامي. الكويت: مكتبة ذات السلاسل.
21- الشتا، سيد علي، (1987)، علم الاجتماعي الجنائي. الاسكندرية : دار المعرفة الجامعية.
22- عارف، محمد، (1975)، الجريمة فى المجتمع، القاهرة : مطبعة الانجلوالمصرية.
23- عبدالله، اسوس نجيب (2013) التحقيق الأبتدائي فى جرائم القتل، اربيل : مكتبة التبايي للطباعة والنشر.
24- عبدالمالک، جندي، (2010) الموسوعة الجنائية. الجزء الخامس،ط2. بيروت: دار العلم للجميع.
25- عبدالمعطي، عبد الباسط (1977) اصول البحث الاجتماعي. ط6. القاهرة : مكتبة الهيئة.
26- عبيد، رؤوف (1981) اصول علم الاجرام والعقاب. القاهرة.
27- عريم، عبدالجبار (1970) نظريات علم الاجرام. بغداد : دار المعارف.
28- العزاوي، فخري صبري عباس (1990) الجرائم المرتكبة من قبل الطلبة. رسالة ماجستر غير منشورة، كلية الاداب، جامعة بغداد.
29- عمر، صالح شيخ، (1989)، الجوانب النفسية والعقلية للجريمة، القاهرة، دار الشؤون الثقافة العامة.
30- الفاضل، محمد، (1965)، الجرائم الواقعة على الاشخاص، ط3، دمشق : مطابع فتى العرب.
31-القراد، ابتسام، (1992)، المصطلحات القانونية في التشريع الجزائري، الجزائر: المؤسسة الوطنية للفنون المطبعية.
32- القصاص، مهدي محمد، (2008)، علم الاجتماع العائلي. مصر.
33- كرسون، اندريد، (1946)، المشكيلات الاخلاقية والفلاسفية. ترجمة: عبداللة محمود (ب.د) القاهرة: مصر.
34- ماشانی، مجيد، (2008)، فەرهەنگی سەرچاوە (عەرەبی - كوردی). سلێمانی،؟؟؟؟ كوا چاپخانە.

35- الماغي، عبداللة علي احمد" (2007)" اتجاهات الجريمة في المناطق الحضرية" رسالة ماجستير مقدمة إلى كلية العلوم الاجتماعية، جامعة نايف للعلوم الامنية، الرياض.
36- محمد، مازن بشير، (2009)، مبادئ علم الأجرام، بغداد : دار الكتب والوثائق.
37- مصطفى، ابراهيم؛ الزيات، احمد؛ عبدالقادر، حامد؛ النجار، محمد، (2004)، المعجم الوسيط ، اسطنبول: المكتبة الاسلامية للنشر والتوزيع.
38- المغربي، سعد، (1967)، المجرمون الفئات الخاصة وأساليب رعايتها، القاهرة: المركز الاسلامي للطباعة والنشر.
39- ميشيل، دنيكن، (1980)، المعجم علم الاجتماع. ترجمة، د.احسان محمد حسن، بغداد : دار الحرية للطباعة.
40- ناصر، ابراهيم، (1996)، علم الاجتماع التربوي. بيروت : دار الجليل للطباعة والنشر.
41- النداوي، حمزة جواد خضير، (2002)، جرائم ذوي المهن الطبية والصحية. دراسة ميدانية في اقسام الاصلاح الاجتماعي في ابي غريب والرشاد، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية اداب، جامعة بغداد.
42- نصرالله، واحدة حمەويس (2013) الجريمة فى ظل العولمة دراسة ميدانية لنزلاء اصلاحية الرجال والنساء في معسكر السلام في مدينة السليمانية. اطروحة دكتورا غير منشورة مقدمة إلى قسم الاجتماع،كلية العلوم الأنسانية، جامعة السليمانية.
43- وەزارەتی داد (2018) ڕێژەی تاوان 150% لەهەرێمی کوردستان زیادی کردووە. [online] بەردەستە لە https://archive.rachlaken.com/Default.as [بینراوە لە 2019/8/19].
44-ئەنجومەنی ئاسایش (2018) ماوەیەکە ڕێژەی تاوان لەهەرێمی کوردستان زیادی کردووە. [online] بەردەستە لە https://kurdistantv.net/ar/node/20987 [بینراوە لە 2019/8/19].

(The English Referrences)/سەرچاوە ئینگلیزییەکان

1- Brantingham, P. and Faust, F. (1976) A Conceptual Model of Crime Prevention. Crime & Delinquency, 22(3), pp.284-296.
2- Ekurd Daily (2016) Crime on the rise in Iraqi Kurdistan due to financial crises: police. [Online]. Available at : https://ekurd.net/crime-rise-kurdistan-financial-crisis-2016-01-26 [Accessed 5/9/2019].

3- Giddens, A. (2001) Sociology. 4th ed. Cambridge: polity.

4- Hussey, J. (2012) Reoffending. Birmingham: Bennion Kearny.

5- MARSHALL, G. (1994) The Concise Oxford dictionary of sociology. Oxford: Oxford University Press.

6- Overseas Security Advisory Council (2019) Iraq 2019 Crime and Safety Report: Erbil. [online] Available at : https://www.osac.gov/Country/Iraq/Content/Detail/Report/4a39048a-e5a2-4090-9d30-15f4aeac68e9 [Accessed 22/8/2019].

7- SCOTT, J., and MARSHALL, G. (2009) A dictionary of sociology. Oxford: Oxford University Press

8- Wincup, E. (2013) Understanding Crime and Social Policy. Bristol: Policy Press.

ملخص البحث:

هدف هذا البحث هو معرفة تاثير العوامل الاجتماعية على العودة الى الجريمة. تتطرق هذا البحث الى العوامل الاجتماعية التي لها تاثير مباشر على العودة الى الجريمة. المنهج المستخدم في هذا البحث هو المنهج التنظيري التحليلي. اهم نتائج البحث هو كما يلي: العوامل الاجتماعية له دور هام على ارتكاب السلوك الاجرامي.كذلك توجد بالاضافة للعوامل الاجتماعية، العوامل الاقتصادية له دور فاعل في ارتكاب السلوك الاجرامي وايضا المعايير الاجتماعية له دور في ارتكاب الجريمة.

## The Effects of the Social Factors on the Recidivism

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٣)، هاوینی٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# (An Analytical Research in Kurdistan Region of Iraq)

**Ismail Ibrahim Mustafa**

Department of Socoiology, College of Arts, Salahadin University, Erbil, Iraq

**PhD. Juan Ismail Bakr**

Department of Socoiology, College of Arts, Salahadin University, Erbil, Iraq

## Abstract

The aim of this research is to identify the effects of the social factors on the resevidisim. This paper studied those social factors which directly have role on reoffending. The method is used in this research to present the results is charts with explanation. In the end this study has concluded some results which are: the social factors have a huge impact on commiting criminal behavior. Furthermore, the economical factors have an important role upon criminal behavior as well. Social measures have role in commiting crime.